

# ئـــــەرســـــتـــــۆ

(384 -322 پ.ز)

جیرار دوروزوی وئەندرێ روسێل

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: ئاوات محەمەد

ئەرستۆ (یان ئەوەی لای زۆرێك لەئێمە بەئەرستۆتالیس ناسراوە)، لەگەڵ سوكرات و پلاتۆن بەیەكێك لەگەورەترین فەیلەسوفەكانی گریك دادەنرێت، ساڵی 284ی پێش زاین لەدایك بووە، لەشاری ئەستاگیرا لەمەگدۆنیا، ساڵی 322 لەخلیكس كۆچی دوایی كردووە، كەبەناچاری لەو كاتەی لەئەسینا دەركرا چووە ئەو شارە ژیاو رۆژانی كۆتایی ژیانی لەوێ بەسەر برد، باوكی پزیشك بو لەكۆشكی مەگدۆنیا، بەڵام فیلیپۆسی پاشای مەگدۆنیا كردییە مامۆستای ئەسكەندەری كوڕی (كەلەمێژوودا بەئەسكەندەری گەورە یان ئەسكەنەری دوو قۆچ ناسراوە).

لەساڵی 367دا ئەرستۆ بووە قوتابی پلاتۆن، پاشان بووە یەكێك لەمووردەكانی، بۆ ماوەی بیست ساڵ لەسەر ئەم حاڵەتە مایەوە، بەڵام پاش مردنی ئەم مامۆستا خواوەندییە، قوتابی لەباوەڕی مامۆستاكەی جیابووە، لەبەرئەوە دەبینین كەدەچێتە كۆشكی مەگدۆنیو لەوێ وانە بەئەسكەندەر دەڵێتەوە، بەڕەزامەنی ئەم بۆ ئەسینا دەگەڕێتەوە تاكو قوتابخانەیەكی فەلسەفی تایبەتی تێدا دروست بكات، ئەوەی لەناوی لیكیۆنییەكان Lyceeناسرابوو، (ئەمیش بەناوی ئەو پەرستگایەی لەتەنیشتیەوە بوو ناوی پەرستگای ئەپۆلۆنی لكیۆنییە)، لەقوتابخانەكەیدا، پاش نیوەڕوان كێ حەزی لێبوایە وانەی دەووتەوە كەتێگەیشتنیان ئاسان بووە، واتە وانەی دیاردەگەریانە، بەڵام بەیانیان تەنها قوتابیە هەڵبژێردراوەكانی گوێیان لێدەگرت (كەدواتر ئەم قوتابیانە بەپێڕەوەكان ناسران، لەبەرئەوەی ئەوان بەپێوە لەكاتی رۆشتندا وانەیان وەردەگرت، ئەو لەباخچەكەدا لەگەڵیاندا خەریك دەبووە ئەو وانانەی پێدەوتن كەتێگەیشتنی ئاسان نەبوو، واتە وانە ناوەكییەكان، كەئەمەی دوایی لەكارەكانی ئەرستۆ بەئێمە گەیشتووە.

ئەوەی ئەرستۆ لەدوای خۆی بەجێیهێشت كارێكی ئەنسكلۆپیدیای زۆر گەورە بووە (ئەفسانەی سەدە كۆنەكان نزیكەی چوار سەد دانراوی دەخەنە پاڵ، بەڵام بەشێوەی تەواوەتی تەنها چڵ و حەوت دانراوی بەئێمە گەیشتووە، هەروەها سەد كاری بڕگەبڕگەیی، ئەو دانراوانەی جیاوازن، جگە لەپێنجینە بەناوبانگەكەی، كەبەئاورگانون ناسراوە، كۆمەڵێكی تر پەیوەستە بەزانستی تیۆرەیی لەلایەك، هەندێ:ی تر پەیوەندی بەتیۆرەی پراكتیكیەوە هەیە، بەڵام ئاورگانون بنەماكانی لۆژیكی وێنەییمان دەداتی ئەویش لەبواری ئەو تیۆرەی بەتیۆرەی بەڵگە ناسرابوو، بەتایبەتی ئەوەی بەپێوە syllogism ناسرابوو.

لێرەدا كەمێك دەوەستین، ئەویش بەر لەوەی دەست بكەین بەباسكردنی كورتەیەك لەفكرو كارەكانی ئەرستۆ، ئەگەر لەو تابلۆیە رابمێنین، كەرافائیلی نیگاركێشی ئیتاڵی بۆ قوتابخانەی ئەسینای كێشاوە، كەپلاتۆن لەلای چەپەوەیەو ئەرستۆ لەلای ڕاستییەوە، بەتەنیشت یەكەوە دەڕۆن و گفتوگۆیانە، یەكەمیان واتە پلاتۆن بەپەنجەی ئاماژە بۆ سەرەوە دەكات، ئەمەش لایەنی ئایدیالیستیانەی فەلسەفەكەی دیاری دەكات و بەدوای هەقیقەتدا دەگەڕێت، ئەویش لەقوڵایی دەروون و لەئاسمان، بەڵام دووەم (واتە ئەرستۆ) ئاماژە بۆ خوارەوە دەكات، ئەمیش بۆ دەرخستنی جەوهەری فەلسەفەكەی كەزیاتر لەواقعو مرۆڤەوە نزیكە، لەبەرئەوەی ئەم جەوهەرە بریتیی بوو لەجیاوازی نێوان مامۆستاو قوتابیەكەی،، كەدواتر ئەمانەوێت هەندێك بەدرێژی باسی لێوە بكەین، ئەویش بەم شێوەیە:

1- زانستە تیۆریەكان: ئەوەیە كەئەرستۆ بەشێوەیەكی سەرەكی كۆیكردەوە (وەك ئەوەی لەدانراواەكانی سەدەی یەكەمی پێش زاینا هاتووە)، لەژێر بەنی فیزیا، ئەوەی لەمیتافیزیا بەراورد كراوەو دوای دەكەوێت، كەمەبەست لێی گەڕانێكی دەسپاكانەیە بۆ هەقیقەت. ئەمش گەواهییە بۆ زیندوویەتی فكری رەسەن و جیاكاریانەی ئەم فەیلەسوفەمان، كەزۆ رلەمامۆستاكەی دوور كەوتەوە، كەدەبینین رەخنە لەفكری ئایدیاڵ دەگرێت، بەتایبەتی چەمكی ژمارەیی، لەبەرئەوەی بەتێڕوانینی خۆی لەواقعی ئەزموونگەریانە خۆی رزگار دەكات، هەروەها دەبینین پێشوەختیەتی ئەفلاتوونی رەتدەكاتەوە (بەتایبەتی تیۆرەی

وەبیرهاتنەوە)، کەرەهەنـدی واقعـی بـۆ تـاك دەگەڕێنێتـەوە، لەگەڵ کەرامەتی ئەنتۆلۆژیی تاك، زانست بەپێی قسەی ئەم — تەنها وەك هەمەکییـەت بـوونی هەیـە— واتـە کەتایبەتمەنـدی هاوبـەش لـەنێوان تاکەکانـدا، ئـەوە خەڵکـە ئـەوە بـۆ ئـەو تایبەتمەندیانە زیاد دەکەن، کەنەفس وەك چەمکی پلەبەپلـەیی دایڕوتاندووە (ئەویش بەپێی توخمو جۆرەکانی).

ئەگەر تەماشای بوونەوەری تـاك بکـەین، دەبـین هەمیشـە رووبەڕووی گۆڕان دەبێتەوە، دەبینین لەخۆیدا ئـەو سـیفەتانە بەرجەستە دەکات کەپێشتر سیفەتی گریمانەیی بوون، ئەمـەش مانای وایە نێوەندێك هەیە لەنێوان نابوونو بوونـدا، ئەمـەش ئەوەیە بەبوون بـەهێزەوە نـاوی دەبـەین، یـان باشـترە بڵـێین توانای هەوڵدان بـۆ کـارابوونی ئـەوەی دەمانـداتێ، ئـەویش لەڕێگەی کردەکەیەوە، ئەو بوونەوەری دەیینین.

کەواتە لـەم سۆنگەیەوە مادده دەبێتە هۆی ئـەوەی هێـزی لێوەدەردەچـێت، کەلـەبواری کـردەوە وێنەیـەك بـەخۆی دەدات، وێنـەش دەبێتـە(شـکڵ)، دواتـر دەبێتـە بنـەمای ڕێکخستنی ماتریاڵ کەمانی پێدەبەخشێت: لەبەرئەوەی ماتریال بریتییە لەیەکێك لەهۆدارەکان (هۆی ماتریـاڵی)، کەئەرسـتۆ بۆ شیکردنەوەی بوونیـادی بوونـەوەر جـەختی لێدەکاتـەوە، لێرەدا کەمێك فراوانتر قسە دەکـەین، وەك نمونـە ئـەو بـەرە وەردەگرین، کەدەبێتە هاندەری ماتریاڵی ئەو پەیکەرەی پـاش داتاشین لێوەی درووست دەبێت، دەبینین هانـدەری شـێوەکە فکـرە، کەشـێوەی پەیکەرەکـە دیـاری دەکـات (واتـە ئـەو وێنانەیەی لەهزری پەیکەرتاشەکەدایە)، بەڵام هـۆداری کـارا بریتییە لەئامێری ڕاسـتەخۆ کەدەبێتـە هـۆی گـۆڕینی پارچـە بەردەکەو کردنی بەپەیکەر، بـەڵام هـۆداری کۆتـایی بریتییـە لـەو مەبەسـتەی کەپەیکەرەکـەی بـۆ درووسـت دەکرێـت (هەروەها ئەو خواسـتە بـۆ قـازانجکردنی مـاددی هەیـە، یـان خۆشەویستی هونەر).

لەبەرئـەوەی هـەموو بونـەوەران هـەوڵی تـەواو بـۆ بەرجەستەبوون دەدەن، دەبینین بەپێی زنجیرەی پلـەیی دابـەش دەبێـت لەگـەڵ گونجاویـەتی شـێوەیدا دەگونجێـت، ئەگـەر گریمانـەی ئـەوە بکـەین نـەفس دەرخـەری شـێوەی جەسـتە زیندووەکانە، ئەوا کەرامەتی ئەنتۆلۆژی زیندووەکان لەگـەڵ نەفسـەکاندا دەگونجێـت، لەوانەیـە ڕووەکـی بێـت (وەك ڕووەکـەکان)، یـان هەسـتی (وەك گیانـەوەرەکان)، یـان قسەکەرە (ئـەمش سـیفەتێکە بوونـەوەری مرۆیـی لەهـەموو بوونەوەرەکانی تر جیا دەکاتەوە.



**ئەرستۆ**

کەواتە لێرەدا هۆدارەکە هەیە، یـان باشـترە بڵـێن ئەسـڵ هەیە، بۆ هـەموو جوڵـەکان (لێـرەدا مەبەسـت لەجوڵـەکان هـەموو ئـەو گۆڕانکارییـە هێندیانەیـە یـان جۆریانەیـە کەکاریگـەری لەسـەر هـەموو بوونـەوەرانی گـەردوون دادەنێت)، دواتر نەگونجاوە دەست لەماهیەتی هۆدار بـدەین، ئەویش بەهۆی یەکبەداویەکی ڕاستەوخۆی هۆدارکراوەکـەی —لەبەر ئەوەی ئـەم کـارە پێویسـتی بـەوە هەیـە لـەخاڵێکی دیـاریکرودا بوەسـتین— لۆژیـك بـەرەو هـەڵهێنجانی بـوونی بزوێنەری یەکەم mobile primum دەمانبـات، بەئاسـتی خۆی سـەرمەدییە، بزوێنـەر کـردەی پوخـتو ئەبسـتکراتە، کەخاوەنی هەموو سـیفەتەکانەو دەگاتـە ئاسـتی کـامڵبوون، لێرەدا دەگاتە ئەوەی ناوی خواوەندیەتی ئەرستۆ)ی لێدەنێین، کەبریتییە لەکردەی پوخت، کەگۆڕانکاری بەسەردا نایـەت، بزوێنەری هەموو بزوێنەرەکانی گەردوونە، گرنگترینیـان ئـەو جوڵـە ئەقڵییـە کـەدەتوانین بەئاسـت بـەرزترین شـێوەکانی جوڵەی دابنێین، لێرەدا ئاماژە بەکردەی ئەقڵی خواوەندی بـۆ گەردوون دەدەین کەناڕاسـتەوخۆیە، کەئـەم وەك نمونەیـەکی

رەهاو هۆداری کۆتایی کاردەکات، کاریگەری خۆی لەسەر بوونەوەرەکان بەتەواوەتی دادەنێت.

2-زانستە پراکتیکیەکان: ئەمیش بەتێڕوانینی ئەرستۆ ئەخلاق و سیاسەت لەخۆ دەگرێت، لێرەدا ئەبێت ئاماژە بەوە بدەین خۆرئاوا ئەرستۆی لەرێگەی فەیلەسووفە عەرەبەکانەوە ناسیوە، کەلەووره بەهۆی تۆماس ئەکیونی کردی بەبەشێك لەفکری مەسیحی کەلێی جیا نەبێتەوە، قەدیس تۆماس رای وایە ئەرستۆ فەیلەسوفی کامڵەو نوێنەری راستەقینەی فەلسەفەی نەمرە، ئەم عەرشەی فەیلەسوف بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەری مایەوە، وەك گەواهی هەموو جارێك دەیووت (ئەرستۆ دەیوت)، ئەم سیفەتە تاکو سەردەمی رۆشنگەری لەگەڵی مایەوە، تائەو کاتەی دیکارت هات، کەچاوی بەهەندێك لەئامۆژگارییەکانیدا گێڕایەوە، ئەوەی چاوی پێدا خشاندەوە یەکەمجار ئەوە بوو پەیوەندی بەفیزیاوە هەیە، کەوای تێدەگەیشت، ئەویش بەپێی تێگەیستنی زانستی سەردەمەکی خۆی، کەئەمیان تەواو گریمانەییە، کەلەگەڵ دەرئەنجامی ئەزموونەکاندا یەکناگرێتەوە، ئەم چاوپێداخشانەوەیە کەهاوتای باوەڕە رۆشنەکەیەتی و بەدرێژایی ساڵان بەردەوام بووە، کەلەشێوەیەکی وەستاوی نەزۆکی درێژخایەندا مایەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەرستۆ (تاکو ئێستاشی لەسەر بێت)بەگرنگترین بیرمەندەکان دادەنرێت، کەکاریگەری لەسەر فکری مرۆڤایەتی لەهەموو سەدەکاندا بەجێهێشتووە.

لەشیکردنەوە یەکەمی و دووەمیەکانیدا، کەبەشی سێهەمی ئاورگانۆن پێکدەهێنێت، ئەرستۆ لێکۆڵینەوەی لەوتە پێویستەکان کردووە -زانست وەك ئەو تێدەگات بریتییە لەزانینی رۆشنی ئەو وتانە- هەروەها لێتوێژینەوەی لەمەرجەکانی راستیەتی بەڵگەکان کردووە، بەشێوەیەکی تایبەت هەمەجۆر پێوەرەکان پالاوتە بکات، ئەگەرچی، ئەگەر بمانەوێت لەڕاستی نزیك بینەوە ئەم ئەو جۆرە بەڵگەیە جەبرییەی نەدۆزیوەتەوە، بەلام هەوڵیداوە بەتەواوترین شێوەی شیاو لەبواری پاکژکردنەوەی لەهەموو رووکارێکی وەهمی دابڕێژێتەوە.

لەشیکردنەوە یەکەمەکاندا ئەرستۆ بنەماکانی تیۆرەی هەمەجۆر شێوەکانی ئیستدلالی پاڵپشتی دانا -ئەوەی رێگە دەدات بگەینە ئەو دەرئەنجامەی لەنمایشی یەکەمە پێبگەین، هەروەها لەرێگەی بەهانەی لاوەکییەوە کەدەبێتە نێوەندێکی پێویست، بەلام ئەم پێشەکەشکارییە دەبێتە شێوەیەکی پاڵپشتی (لەجۆی أ بریتییە لە ب) -ئەم مەسەلەیە لای زان هاوچەرخەکان چیدی قبوڵ نییە- ئەمڕۆ بەپێی (ج. برنهاردت) (دیاریکراویەتی) دەردەکەوێت، ئەم تیۆرەیە ئەمڕۆ وەك هەمان تیۆرەی ئاقلیدیس نییە.

بەڵام شیکردنەوە دووەمییەکان، بەوانە باسی لەشێوازی پلەبەپلەیی کردووە، کەمەعریفەی لێپێکدێت، گومانی تێدا نییە لەهەستەوە دەسپێدەکات، لەوێوە دەگەینە درکردنی ئەقڵی (هەڵهێنجانی یان زەینڕونیانە) ئەویش لەرێگەی لۆژیکی گشتی یان ئەندێشەوە، لەبەرئەوە شیکردنەوەکان بێگومان لەبواری تیۆرە دەرئەنجامدەرەکانییەوە مەحکەم بووە، خاوەنی پێگەیەکی تایبەت بووە لەمێژووی فەلسەفەدا، وەك کانت دەڵێت: لەماوەی دوو هەزار ساڵدا لەرۆژگاری ئەرستۆوە هیچ گۆرانکارییەك بەسەر لۆژیکی وێنەیدا نەهاتووە، لەبەرئەوەی هەندێك ئەوەیان لەلۆژیکی ئەرستۆدا دەبینی کەلۆژیکێکی دەمارگرژە، لەوانەیە بەشداری لەدواخستنی سەرەتایی زانستی هەقیقیدا کردبێت، بەهۆی ئەوەی گرنگیەکی زیاد لەپێویستی بۆ ئەبستکراتیەك خراوەتە پاڵی، ئەویش لەسەر حسابی چاودێری و ئەزموون، لەڕاستیدا ئەوەی تێبینی دەکەین ئەم ئالۆزییە تەنها لای خاوەنی زانستی وتنی پاشتر بەدیدەکەین، بەڵام هەرگیز نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کەدەرئەنجامهێنانی راستەقینە هێشتا پێکنەهاتبوو، ئەمیش بەتێڕوانینی خودی ئەرستۆ، وەك ئەوەی لەدانراوەکانیدا دەردەکەوێت، ئەمیش شان بەشانی زانست، کەلەبەرامبەردا، روکاری ئەزموونکاریانەی لەچەندەها کتێبی

تریدا بەدیدەکەین، (وەك مێژووی زیندەوەرزانی، سەبارەت بەگەردوون و گەندەڵبوون، سەبارەت بەئاسمان... هتد).



ئەفلاتون

هەندێك ڕەخنەگری هاوچەرخ پێیانوایە کتێبی ئەخلاقی نیقۆماخی (بریتییە لەکتێبی ئەخلاق کەئەرستۆ بۆ نیقۆماخۆسی کوڕی نووسی) ئەمە یەکەم کتێبە بۆ ئەم مەبەستە نووسیوویەتی، ئەگەرچی ئەم کتێبە هەتا خۆی لەژیاندا بوو بڵاو نەکرایەوە، بەڵکو دواتر لەسەر دەستی کوڕەکەی بڵاو بووەوە، ئەویش بەپشتبەستن بەکۆمەڵێك پەراویز کەئەرستۆ نووسیبووی، لەوانەیە لەهەندێك کتێبی گشتیدا، بەڵام ئەو کتێبانەی تر کەدەکرێت بەکتێبی ئەوو پەیوەستە بەم بابەتەوە، وەك ئەخلاقی ئاوزیمۆس و ئەخلاقی گەورە، هەروەها وتارێك دەربارەی چاکەکاری و خراپەکاری، کەلەوانەیە هەندێك لەقوتابیەکانی بەپێی تێڕوانینی خۆیان دایاننابێت.

جائەگەر ئەم گریمانەیە ڕاست بێت نا، ئەوا ئەرستۆ لەنێو ئەنێو ئەخلاقیاتەکانی کەلەفەلسەفەی شادمانییەوەو چەمکێکی ئەقڵکراوی ترەوە دێت و دەچێت، هەمیشە سوور بوو لەسەر ئەوەی پشت بەئەزموونی گشتی هەمەجۆر مرۆڤ ببەستێت، جائەگەر لەناو ئەبستکراتیەتدا ون نەبێت.

لەبەرئەوەی هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن ژیانی کردەیی یان باشترە بڵێین خێری پیرۆز بریتییە لەگەیشتن بەشادمانی، بەڵام شادمانی چییە؟ بێگومان بریتی نییە لەوەی لەلەزەتی تێڕەودا بەرجەستە دەبێت، هەروەها ئەوەش نا کەلەتێڕاماندا خۆی قاڵ دەکات (ئەفلاتوونی)، لەخێری پوخت بەخودی خۆی، بەڵکو ئەو شادمانیەیە کەلەئەقڵیەتی. حەوهەری مرۆڤەوە دەردەچێت، کەئەمەش وادەکات خێری مرۆیی، بەڵکو بریتییە لەو شادمانییەی کەلەئەقڵەیەتی جەوهەری مرۆڤدا درکی پێدەکەین، ئەم کارەش وادەکات خێری مرۆیی کردەیەك بێت تەنها تایبەت بەخۆی، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەو نەفسەی ستایش دەکات بریتیە لەنەفسی ئاقڵ (کتێبی یەکەم)، ئەبێت لێرەدا لەنێوان چاکەکاری بەدەستهاتو dianoetiques، کەدەرئەنجامی کاری ئەقڵییە، کەدەکرێت لەڕێگەی فێربوونەوە پەری پێبدەین جیا بکەینەوە لەچاکەکاری ئەخلاقی ethiques (کەبەهۆی نەریتەوە دروست دەبێت.

لەکتێبی دووەمدا سەبارەت بەئەخلاق ئەرستۆ جیاوازی نێوان چاکەکاری ئەخلاقی و نەریتدا دەکات: لەبەرئەوەی چاکەکاری تەنها کردار نییە، بەڵکو (شتێکی پێکهاتووە) (ئێمە ئەو کاتە دادپەروەرین کەبەشێوەیەکی دادپەروەرانە هەڵس و کەوت دەکەین)، شتێکە لەلایەنی ئیرادەییەوە پێکدێت و مەبەست دیاریدەکات، هەروەها لەلایەنێکی ئەقڵانی هۆکار دیاری دەکات، لێرەوەیە ئەو پێناسە ئەرستۆییە هاتووە کەدەڵێت چاکەکاری (بریتییە لەحاڵەتێکی بەدەستهاتوو بەشێوەیەکی ئیرادەیی، ئەوەی پەیوەندی بەئێمەوە هەیە بریتییە لەپێوەر، حاڵەتێکە ئەقڵ دیاری دەکات، کەلەگەڵ هەڵس و کەوتی مرۆڤی هاوسەنگدا بگونجێت).

بەڵام کتێبی سێهەم کرداری مومارەسکراو شیدەکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو پێناسەیە دیاری بکات وەك نەریتی ڕازیبوون، واتە

بەلۆژێکی راستەوە بەروارد کراوە، ئەمەش مانای وایە جەغت لەبەرپرسیاریەتی مرۆیی کراوەتەوە، ئەمەش لەگەڵ تێگەیشتنی سوکراتی ناکۆکە، کەدەڵێت (کەسە بەهەڵبژاردنی خۆی شەڕانگێز نییە).

بەڵام هەردوو کتێبی چوارو پێنج، وەسفی چاکەکاری ئەخلاقی تایبەت دەکەن (وەك میانڕەویو راشکاوییو... هتد)، لەگەڵ ئەوەی بەتەواوەتی جەغت لەدادوەری دەکاتەوە، کەیان ئەوەتا دابەشکراوە یان ئەوەتا بەرژەوەندکراوە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بەچاکەکاری بەدەستهاتوو لەدەرئەنجامی کاری ئەقڵییەوەیە، ئەو پێنج چاکەکاریەی ئەرستۆ لەکتێبی شەشەمدا ئەژماری کردووە بریتین لە: زانست، هونەر، فکر، حیکمەت، کەپێکەوە ناسراون، یان هەریەکەیان بەتەنها لەبواری خۆیدا، مەبەستی خێرو وێنەکەی.

کتێبی حەوتەم بریتییە لەدەسپێکی ئەوەی لەکتێبی دەهەمدا باسی لێوە دەکرێت: کەتێیدا فەیلەسوف هێند بۆ چەمکێکی دیارکراوی لەزەت دادەنێت وەك بنەمایەك بۆ شادمانی، بەڵام بەو مەرجەی پشت بەئەقڵ ببەستێت.

بەڵام کتێبی هەشتو نۆ تایبەتە بەلێکۆڵینەوە لەچەمکی هاورێیەتی – ئەوەی فەیلەسوف لێکۆڵینەوەی لێدەکات– لەهەمەجۆر شێوەکانیو گریمانەکانی، وەك چاکەکارییەك لەچاکەکارییە سەرکییەکانی مرۆڤ (وەك بوونەوەرێکی سیاسی)، کەبەچەمکی دادوەرییەوە بەستراوەتەوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتوانێت بەتەواوەتی بکرێتەوە مەگەر لەرێگەی پەیوەندیگرتن بەوانی ترەوە بێت.

دەگەینە کتێبی کۆتایی (کتێبی دەهەم)، کەلەلێکۆڵینەوە لەچەمکی لەزەتدا قووڵ دەبێتەوە، بەوە بەڵگەی بۆ دەهێنێتەوە، ئەگەر درایە پاڵ کەماڵی کردار، ئەوە لەوانەیە هاوشانی هەمەجۆر ئەرکەکانی نەفس بێت، لەوانە ئەوەی خاوەنی مەزنترین پیرۆزییە، لەبەرئەوە ناکرێت لەچاکەکاری و لەشادمانی جیابکرێتەوە.


ئەرستۆ

لێرەدا تێبینی دەکەین شیکردنەوەی فەیلەسوف مەیلی بەرو جۆرێك لەبەئەقڵبوون دەچێت (ئەم کارە هەندێك لەوەوە رەخنەیان لێگرت، کەشێوەیەکە لەشێوەکانی دژبەیەکبوون لای ئەرستۆ)، کەئەرستۆ جەغت لەوە دەکاتەوە مرۆڤ شادمانی تەواوی بەدەست ناکەوێت تەنها لەبواری تێرامان لەهەقیقەتەوە نەبێت، ئەوەی بەهۆی جیاکردنەوەی لەرووداوەکانی ئەم جیهانە، وامانلێدەکات چێژ لەباشیەتی تەواو یان خواوەندیەتی وەرنەگرێت، لەبەرئەوەی باشیەتی بەکاملی بەرجەستە نابێت تەنا لەخواوەندیەتییەدا نەبێت، ئەوا چالاکی ئەخلاقی بۆ مرۆڤ دەبێتە پێویستی، تاکو شەهەواتەکانی کەمبکاتەوەو خەریکی ژیانی سیاسی بێت.

لەم دەسپێکەوە دەبینین کتێبی ئەخلاقی نیقۆماخی لەگەڵ میتافیزیکادا هاوشێوە دەبێت، هەر وەك چۆن لەگەڵ سیاسەتدا هاوشێوە دەبێت، لەگەڵ ئەوەی فکری ئەرستۆ بەشێوەیەکی ناسەرنجراکێش بەرەو پێش دەچێت (کەزیادە رۆیی لەچڕکردنەوەیدا کراوە، یان هەندێکجاری تر زیاد لەپێویست سادە دەکرێتەوە)، بەڵام ئەم کتێبە کارێکی سەرکییە لەبەرئەوەی ئیرادەی پێشکەشکردنی ئەخلاقی هەقیقی تێدا بەرجەستە دەبێت، ئەویش لەسەر ئاستی مرۆڤ، تەنانەت لەو کاتەی بەرەو جامەرێك لەهاوڵاتیان ئاراستە دەکرێت،

کەراهاتوون لەسەر مومارەسەکردنی چاکەکاری، بەلام لەسیاسەتدا کەوەك خۆی دەڵێت پاش ئەوەی لەدەستوورەکانی شارەکانی یۆنانیو دەوڵەتانی وەحشی کۆڵیەوەو نووسی، ئەرستۆ جەغت لەوە دەکاتەوە دەوڵەت بریتییە لەشێوەیەك لەشێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەو لەم دەسپێکەوە بەکارێکی بێوێنە کەپێشتر شتی وانەبووە، بۆ خێزانو تاك ئەژماری دەکات، بەوەندەی دەتوانێت بەخود خۆی ئیکتفا بکاتو مەبەستەکانی لای تاکو خێزان گرنگن بەدەست بهێنێت، لەهەمان کاتدا لەوان واوەلاتر بچێت، ئەو وتە گرنگەی وەبیر دەهێنینەوە کەئەرستۆ دەڵێت (مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسیە).

لەکاتی لێکۆڵینەوە لەتوخمەکانی دەوڵەت، ئەرەستۆ بوونی کۆیلە وەك دەرئەنجامێکی جیاوازی سروشتی چاولێدەکات، لەنێوان مرۆڤو پێداویستیەکانی تەکنیکی بەرهەمهێنان، لەبەرئەوەی هەندێکیان لەئەنجامی دیلییەوە دەبێتە کۆیلە، لەکۆتایدا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی جیاوازی نێوان مرۆڤی ئازادو کۆیلە وەك جیاوازی نێوان چاکەکاریو خراپەکاری وایە،ئەویش لەئەنجامی نیشاندانی پەیوەندیو چالاکی خێزانی، ئەرستۆ لێکۆڵینەوە لەوە دەکات چۆن مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی دەوڵەمەند دەبێت ( واتە بەپێچەوانەی سوو وەرگرتن کەئەرستۆ بەهەموو شێوەیەك رەتی دەکردەوە)، هەروەها لێکۆڵینەوە لەهەجۆر رووی دەسەلات لەناو رێکخستنی خێزاندا دەکات: کەدەسەلاتی مێرد بەسەر ژنەوە وەك دەسەلاتی ناو دڵی حکومەتی کۆماری وایە، دەسەلاتی باوك بەسەر منداڵکانییەوە وەك دەسەلاتی موڵکداری وایە.

ئەرستۆ دژی بیرورا کۆمۆنیستیەکانی ئەفلاتونی مامۆستای بووە، کەپەیوەستە بەپەیوەندیو پەیوەستی سۆزداری لەنێوان دایكو باوكو منداڵەکاندا، ئەوەی وایدەبینێت ئەوەی ئەم پەیوەندییە دیاری دەکات بریتییە لەخودی سروشت، لەلایەك، هەروەها بنەماکانی پەروەردە (لێرەدا رۆڵی دەوڵەت لەپەرەوەدەدا سەرهەڵدەدات، کەئەبێت ئەمانە ببنە هاولاتی پاشەڕۆژ) لەلایەکی ترەوە.

دوو چاکەکاری هاولاتی هەق بریتین لەملکەچیو توانای سەرکردایەتی کردن، ئەوەی ئەم دوو سیفەتە دیاردەکات بریتیە لەبەشداری پۆزەتیڤ لەدروستکردنی دادوەری لەناو قەزادا.

ئەرستۆ سێ شێوەی حکومەت دیاری دەکات ئەویش بەپێی شێوەکانی مومارەسەی دەسەلات،- کەهەمیشە لەتێڕوانینی ئەمەوە بریتیە لەواقعی حکومەت- کەدەکرێت تاکڕەوی بێت یان گروپێکی گەورە یان بچوك بەڕێوەی بەرن: واتە موڵکداری یان ئۆرستۆکراتی یان کۆماری، جەغتی لەوە کردووەتەوە هەموو یەکێك لەم دەسەلاتانە روویەکی گەندەڵی هەیە، کەبریتییە لەدەسەلاتی ستەمکار یان ئۆلیگارشی یان دیموکراتی – هەموویان دژی سروشتن- لەبەرئەوە ئەم فەیلەسوفە هیچ شێوەیەکی حکومەت بەباشتر لەویتر نازانێت، ئەو پێی وایە هەریەکەیان دەتوانن لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی گەلدا بگونجێن.

دواجار فەیلەسوف دەبینین، وەك ئەوەی پێش زەمەنی خۆی بکەوێت، باس لەهەر سێ شێوەکەی دەسەلات دەکات، ئەوانیش وەك ئەو دیاری کردوون بریتییە لەراوێژکاریو ئیداریو دادوەری، ئەوەی مۆنتسکۆ پاش هەزار ساڵ بەکاری دەهێنێتەوە، ئمرۆ بەناوی دەسەلاتی تەشریعیو جێبەجێکردنو دادوەری ناوی دەبەین، بەلام بالادەستی ئیمپریالیزمانەی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیەکی ترەوە، لەتێڕوانینی ئەرستۆدا هیچ بەهانەیەکی نییە تەنها ئەوە نەبێت لەرووی سروشتییەوە یەکێکیان لەویتر بەهێزتر بێت، وەك حاڵەتی یۆنان کەئەرکی بوو نەتەوەکانی تر بکاتە شارستانی.

هەندێك لەکتێبە بەناوبانگەکانی تری ئەرستۆ: فیزیا، دەربارەی ئاسمان، سەبارەت بەگەردوونو گەندەڵیی، مێژووی زیندەوەرزانی، ئەندامەکانی زیندەوەر، زنجیرەی ئاژەڵان، سەبارەت بەرۆح، میتافیزیکا، دەستووری ئەسینا، هونەری شیعر، رەوانبێژی.

**سەرچاوە:**

سایتی المعابر